# حوسێن سێودین:

# بەشێک لە شاری مۆسیقارە سپیەکانم پێشکەشی وەزارەت کرد بۆ فیلمێک، وتیان پارەکەی لە کەرتی تایبەت پەیدابکە



**حوسێن سێودین لە ساڵی ١٩٨٠ چۆتە هۆڵەنداو سەرەتا بە خوێندنی چەند کۆرسێکی فۆتۆگرافی دەستی پێکردووە پاشان دەستی کردووە بە خوێندنی سینەما دوایی پەیمانگەی دەرهێنانی ڤیدیۆی تەواو کردووە، لە پاشاندا ئەکادیمیای سینەمای لە ئەمستەردام تەواو کردووە، چەند جارێ هاتۆتەوە وڵات بۆ ئەنجامدانی فیلمی دیکۆمێنتاری و ریپۆرتاژ بۆ تەلەفزیۆنەکانی هۆڵەندا و سویرو بەلجیکا، بە گشتی ٢٣ ساڵ لە هۆڵەندا ژیانی بەسەربردووە، وەک لەو دیدارەدا تیشکی دەخاتە سەر چەند پرۆژەیەکی سینەمایی وەستێنراوە یان ڕەفزکراوەتەوە.**

**گفتوگۆ: فەرمان عەبدولڕەزاق**

× لە گەڕانەوەی ئەم جارەت ڕەوشی سینەما لە کوردستان چۆن دەبینی بە بەراورد لە گەڵ ساڵانی ڕابردوو؟

– سینەما لە پێشکەوتندایە بەڵام بە هێواشی ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ بێ پلانی وەزارەتی ڕۆشنبیریو حکومەت بەراستی بۆ گەشەدان بەم بوارە ئەم وڵاتانەی جیهانی سێ زۆربەیان دوای شۆڕشێکی زۆرو قوربانیەکی زۆر گەیشتونەتە ئاستێکی باشی پێشکەوتن دوای ئەوە دەبێ کە وڵات ئازاد بوو پلان هەبێ من ئەمە هەست پێناکەم. دەبێ پلانێک دابنرێ بۆ هەمو بوارەکانی ژیان کە پێیدەڵێن (خطة خمسية) بۆ بوژانەوەی وڵات لەهەمو ڕووەکانەوە، وڵات بە دروستکردنی باڵەخانەی بەرز پێش ناکەوێت کەئەمەش هەر ئەندازیاری بیانی دەیکات، ئێمە هیچ پرۆژەیەکی بونیادیمان نییە بۆ سینەما. ئێستا سەیری سینەمای ئێران بکە کە بواری سینەمایان داوە بە تەکنۆقراتی ئێرانی ئەگەر بچیتە ئەوێ هەست دەکەی بەرهەمهێنانی سینەماییان زۆر زۆرە ئەمەش لەخزمەتی کولتوری ئێرانە لەخزمەتی ئەو مەبەستەن کەوا شۆڕشی بۆ کراوە. ئێمە وا ڕاهاتووین جۆرە فیلمێک بکەین ئەویش گریانێکە لە پێش خەڵکی دەرەوەی وڵات کە دەڵێین ئێمە کوردین وەزعمان خراپەو ئەمانە بەراستی زۆر لێدراوە دەبێ لەم چوارچێوەیەش ڕزگارمان بێت .

× بەڵام سینەما لەئێران کەرتی تایبەت دروستی دەکات لەکوردستان تاوەک ئێستا ئەقلیەتی سەرمایەداری ئێمە نەگەیشتوتە ئەو ڕادەیەی پرۆژەی ڕۆشنبیریو هونەری بکات وەک بازرگانی؟

– لەوڵاتانی جیهانی سێیەم دەوڵەت سەرمایە دەدات بە کەرتی تایبەت یان کۆمپانیای بەرهەمهێنان ئێستا حەقەکارەکانی سینەما وەک تەندەر بێت بەراستی لێرە دەوڵەت سەرمایە ناداتە کەرتی تایبەت، بەڵکو دەیەوێ شتەکان هەموو لەدەست خۆی بێت لێرە ئەسڵەن شارەزایان نییە لەبواری سینەمادا. لەبەر ئەوەیە چەند کەسێک لەم وڵاتە سینەمای مۆنۆپۆڵ کردووە هەیە لەدەرەوەی وڵاتیشەوە هاتووە ئەسڵەن قوربانیان لێرە نەداوە، بەڵام توانیویانە ئەو شینو ئازارەی ئەم وڵاتە بە چەند فیلمێک بەرنەدەرەوەو چەند دەرهێنەرێکیش هەن بوون بە پاڵەوانی ئەم ساحەیەو وەزارەتی ڕۆشنبیریش تەنها ئەوان دەناسێت.

× لە گەڕانەوەی ئەم جارەت پرۆژەی نوێ چیت پێیە؟

– پرۆژەم زۆر بوو لەوانە کە ئێستاش هەر خەریکیم ئەویش هێنانی بەشێک لەڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان ەکە ناوی (شەوی حیساب)ە ئەوە یەکێکە لەو پرۆژەی پێشکەشی وەزارەتی ڕۆشنبیری کراوەو لەوێ وەڵامی من دراوەتەوە کەتۆ دەبێ پارە لەکەرتی تایبەت پەیدا بکەیت بۆ دروستکردنی ئەم فیلمە، بەڵام ئەوانی تر چونکە خزمیان هەیە لەپەرلەمان یان ناسیاوی حیزبیان هەیە بە گشتی پارەیان پێدراوە لە لایەن حکومەت کە فیلمەکە بکەن، جێی داخە بەراستی چونکە کەرتی تایبەت نیە لەم وڵاتە پێمدەڵێ دەبێ بچیت لەکەرتی تایبەت پارە پەیدا بکەیت بۆ من وا ئەڵێن، ئەوانی تریش پارەیان پێدەدات بە مەرجێکیش لەناو ئەمانە تەنیا من ئەکادیمیای سینەمام تەواو کردوە، جگە لەمەش لەهەمووی گرنگتر من خەڵکی شاری کەرکوکم لەئەمستردامەوە هاتومەتەوە بۆ خزمەتکردن زۆر لەم کاربەدەستانەی حکومەت ئەگەر کارێکیان لەسلێمانی هەبێ لەڕێی کۆیەوە ئەڕۆن نایەنەوە ڕێی کەرکوک، کەچی ئێمە تیای ئەژینو خەمی بۆ دەخۆین، پێنج سینەما لەم شارە هەبوو ئێستا هیچیان نەماون هەریەکەو بوونەتە شتێک.

لەم بۆشاییە بیرم کردەوە کە ئینستیوتێکی سینەمایی دانێین لە گەڵ چەند برادەرێکی ئەکادیمی لەم بوارە ئەمە ئینستیوتە هەڵسێت بە بوژاندنەوەی کەلتوری سینەما، ئەمە لەمانگی ١ی ساڵی ٢٠٠٦ەوە من خەریکیم ئێستا ئەوە مانگی ١١ی ٢٠٠٧ە شتەکەم بۆ تەواو نەکراوە سەرەتا وەزیری ڕۆشنبیری ئەمەی زۆر پێ چاک بوو ڕەزامەندی لەسەردا بەڵام وتی ئەبێ مۆڵەتی ئاسایشو وەزارەتی ناوخۆت هەبێ بۆ ئەمەش ناردمانیان بۆ ئاسایشی کەرکوک دوای ئەوەی لەوێ تەواو بوو کە گەڕایەوە ئاسایشی ناوخۆی هەولێر لەوێ بەڕێوەبەری دیوان لەوەزارەتی ناوخۆ وتی ئەمە شتێکی باشە ئەتان خەینە سەرچاوان وتی کارەکەت بێنە تا مۆڵەتت پێبدەین کە هێنام یەکسەر گرژبوونم لەچاوانی بەدیکرد یەکسەر وتی ئەمە هەر نابێ وتیشی دەبێ وازی لێبێنی، ئەگەر ئەوان پێویستیان بە سینەما نەبێ من دەزانم شارەکەم پێویستی پێیەتی جارێکی تر ئێمە دەبینەوە قوربانی ئەوە. لەکاتێکیشدایە من پێشمەرگەی ئەیلول بووم، خەڵکانێک حکوم لەسەر کارێکی هونەری دەدەن خۆیان هیچی لێنازانن، ئیتر ئەو فایلە داخرا دوای یەک ساڵ بەم ئەنجامە گەیشت، کەسیش پێی نەوتم بۆ نابێ.

× سینەماکارانی کورد تا چەند لە ئەدائی بەڕێوەبەرایەتیی سینەما ڕازین؟

– ئەم بەڕێوەبەرایەتییە لەلایەن کاک مەهدی ئومێدەوە دامەزرا کە لەدەرەوەی وڵاتەوە هات میهرەجانێکی سینەمایی وەک یەکەم تەجروبە سازکرد لەکوردستان، بەڵام دوای ئەوە بە قودرەتی قادر مەهدی ئومێد لادراو فەرزین کەریم بووە بەڕێوەبەر، گروپێکی تر خەڵکیان هێناوە بۆ ئەم بەڕێوەبەرایەتییە، ئەمانیش لەم بوارەدا هەموویان بێ تەجروبەن، کێشەکە ئەوەیە کە سینەماکارێک کارێکی لەشوێنێ وەستابێ ئەوان هیچیان بۆ ناکرێ کە خۆشی دەبێ مەبەستی سەرەکیو کاری ئەوە بێت، بەڵام بە پێچەوانەوەیە لەم وڵاتەدا بۆ ئەوەیە کە ئەو خەڵکەی لەوێیە بتوانێ لێی سوودمەند بێت کە بۆی دامەزراوە دەبێ ئەم بەڕێوەبەرایەتیە کەلتوری سینەما لەهەولێر ببوژێنێتەوە، بزانم تا ئێستا چییان کردووە ساڵی جارێک میهرەجان سازکردن گرنگ نییە.

> **دەبێت بەڕێوەبەرایەتی سینەما کولتووری سینەما بیوژێنێتەوە، ئەگەرنا ساڵی جارێک فێستیڤاڵ سازکردن گرنگ نییە**

× ئەدائی کارەکانی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە لە کاتی فەرزین کەریم باشتر بوو یان کاتی مەهدی ئومێد؟

– ئەمە نەختێ ناخۆشە من بڕیاری لەسەر بدەم، بەڵام لەهەردوو کاتدا کەم شت لەبارەی سینەماوە کراوە ئێستاش کۆمەڵێ فیلم هاوکاریان کراوە کە هەوڵدراوە چاودێریان بکرێ بۆ خەرجکردنی پارەکان تاوەک نەخورێت.

×زەرورەتی دەزگایەکی فەرهەنگی سینەمایی لە کوردستان لەچیدا دەبینی؟

– بۆ ئەم مەبەستەش تاوەکو ئێستا هیچ نەکراوە، ئەوەش زۆر زەرورە من ئەم ئینستیوتەی کە دەمویست دایبمەزرێنم لەکەرکوک، شتێکی لەم جۆرە بوو، دەهێنەری جیهانی بانگهێشت بکەین فیلمی جیاواز نیشان بدەین فیستیڤاڵ سازبدەین کۆرسی فیلمی کورت بکەینەوە تاکو خەڵک ڕۆشنبیری سینەمایی هەبێ ئەمەش لەهیچ شارێ نیە لەسلێمانی کەم تا زۆر نمایشی فیلمی سینەمای دەستی پێکردووە بزێوترن لەم بارەیەوە .

هیوادارم ئەگەر وەزیری ڕۆشنبیری توانای ئەوەی نییە وەزارەتەکەی بەڕێوەببات، باشترە وازی لێبێنێت. چونکە زەرەر بەم وڵاتە دەگەیەنێت، زۆر شتی ناحەقیش لەم وەزارەتە ڕوودەدات کەئەگەر لەهەردەزگایەکی تر یان وەزارەتێکی تری ئەم وڵاتە ڕوبدات نابێ لەوێ ڕوودات.